# ئەزیزم, سەری ساڵت پیرۆز

عومەر جەلال



ئەمشەو بە دیار تارمایی خەونێکەوە
لەگەڵ تەنیای دانیشتوم
بەنیازم بە چەند پەیڤێك پیرۆزبایی ساڵی نوێت لێبکەم
سلاّو ...
ئەی ئەو کەسەی لەو ساتەوەی بەسەر مندا دابەشبووی
ئیدی نەورەسانە بەسەر نهێنییە پەنهانەکانی دەریادا دەفڕم
وەك ئەستێرە بە ورشە شەو شادت لێ دەکەم
بمبەخشە ,
لەم هەموو پاوەن کردنی یادەوەریە ئەرخەوانییانە
لەم هەموو نیگا شەرمنانە کە لە عەسرێکدا بە جێمان هێشت
تێپەری تەماشا کردنی ئەو وێنەیەی بۆ باران گرتمان
تێپەری ئاهی شادی شەوی من
لەخەندەی چرکەیەکی تۆدا
گوناهت کرد گوناه ...
منت وون کرد
(من) ێك بە دڵێکی پارچە پارچەوە کە لە دابەش بوونی نیشتمان دەچێت
چاوەڕوانی (با) دەکەم تا بۆنی تۆم بۆ بێنێت
گوێ لە گریانی هەور دەگرم تا ناوی تۆ بهێنێت
دڵنیام ئەمشەویش تێدەپەرێت
رۆژ و مانگ و ساڵ و خەمێکی نوێ دێت
تۆ هەر نایەی
ئیدی منیش
لەوانەی ماتماتیکی تەنهایدا هەرگیز دەرناچم
ئەوەی لە مندا دەمێنێتەوە تەنیا تۆی
ئیدی تەواو ئەی دڵڕەق ,

**شەرم بکە لەو رۆژەی دڵم وەك دەنکێك گێلاس کردە دەستەوە**

**تەماشام بکە**

**هەروەك چۆن تەماشای ئاوێنە دەکەی**

**پاشتر بمشکێنە**

**هەر وەك چۆن دڵمت شکاند**

**هەڵم بگرە وەك تریفە بە لێوەکانی مانگەوە**

**بمپارێز,**

**لەم جەنگی دابڕانە کە سەرەنجامی دەمباتەوە ئەو دیووی  تەنیای**

**(چ شێتیەکە من چاوەروانی بەیانییەك دەکەم کە نایات, تۆ چاوەروانی منێك ناکەی کە دێم)**

**من لە پەژمووردەبوونی لاسکی گوڵەکانەوە فێری بەرائەتی میهر بووم**

**تۆ لە رۆژە بە هەشتییە کریستاڵییەکانی منەوە  فێری تورە بوون بووی**

**سەفەرێکە ناتەبا**

**من و تۆ تەواو جیاوازین**

**وەك ڕاکرنی شەو لە تیشکی رۆژ**

**هەرگیز یەك ناگرینەوە**

**بە ئەندازەی سپی بوونی بەفر و رەشی رەژوو جیاوازین**

**ناشرینی و دوکەڵی جگەرەوە تەنیایی و خەمەکانی تۆ بۆ من**

**جوانی و گوڵ بەهار و پەپولەوبەختەوەلری  منیش بۆ تۆ**

2004/1/1 نووسراوە